www.kurdistannet.org
15/01/2002 20:59

# یەکێتی نیشتمانی لە ستایشی سوپای عێراقدا

خەسرەو سایە
**k.saya@ukonline.co.uk**

یەکێتی نیشتمانی لە هەفتەنامەی "الاتحاد" و دواتریش لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"دا بە بۆنەی 6ی کانون، ڕۆژی دامەزراندنی سوپای عێراقەوە کەوتۆتە ستایشی یەکێك لە سەرکوتکەرترین وخوێناوی ترین دەزگاکانی ڕژێمی بەعس و پێداهەڵدان بەوەی کە سوپا دەوری هەبووە لە دامەزراندنی "کۆماری عێراقی ئازاد و سەربەخۆ" و بوختانی ئەوەی هەلبەستوە کە گوایە "خەڵکی عێراق بەهەموو نەتەوە و ئایین و تایەفەکانیەوە" خەریکی گێرانی ئاهەنگ و خۆشین بە بۆنەی یادی دامەزراندنی ئەم دەزگایەوە. هاوکات لەم پەیامەدا یەکێتی نیشتمانی تێکۆشاوە مێژووی سەرکوت و کوشتارو جەنگ و کاولکاری‌یەك کە ئەم دەزگایە لەتەمەنی خۆیدا گێراویەتی دابپۆشی و وەك دەزگایەکی "شۆڕشگێر" و پیرۆز لە بەردەم خەڵکی کوردستان و بەناوی ئەوانەوە بیناسێنی. دەستەواژەی " سوپای عیڕاق دەستکەوتی خەڵکی عێراقە ودەوری سەرفرازی گێراوە لەخەباتی شۆرشگیرانەی خەڵکی عێراقدا"، "سوپا قارەمانەکەمان"، "سوپای هاوچەرخی عێراق"و شتی لەم جۆرە، لەکاتێکدا دەکرێتە پەیامی پیرۆزبایی ڕۆژی سوپا کە خەڵکی کوردستان بەرەو پیری ڕۆژانی بیرەوەری سەرکوتی ڕاپەرین‌و ئاوارەیی‌و کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال، دەڕۆن، کەبەرهەمی خودی هەر ئەم سوپایە بووە. بەڵام یەکێتی نیشتمانی لەم ستایش و پەیام ناردنەی دا بۆ سوپای عێراق مەبەستی چی‌یەو دەیەوێت چ سیاسەتێك بەڕێوەبەرێت؟

بەپێچەوانەی پیناسەکانی یەکێتی‌یەوە سوپای عێراق چ لەسەردەمی دامەزراندنیدا و چ لە ئێستایدا ئامرازێك بووە بەدەستی دەوڵەتە سەرکوتکەرە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە لەبەرامبەر خەڵکی ئازادیخوازو هەرجۆرە دەنگێکی ناڕەزایەتی و شۆڕشگێرانەی جەماوەریدا. ئەم دەزگایە بەکردەوە نیشانی داوە کە یەکێکە لەپایەکانی پاراستن و ڕاگرتنی نیزامی زالمانەی سەرمایەداری و حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی، دەزگایەکە بۆ چاودێری کردن و بەڕێوەچوونی سیاسەتی ستەمی نەتەوایەتی و هەموو ئەو هەڵاواردن و کۆمەڵە یاساو بڕیارە ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی‌یانەی کە بەهۆیانەوە خەڵکی عێراقیان لە ژیانی برسێتی و نەداری و بێمافی و چەوساندنەوە و دەیان دەردومەینەتی تردا ڕاگرتووە.

لە30 ساڵی ڕابردوودا، کارنامەی ئەم سوپایە لەگەڵ مێژوو کارنامەی ڕەش و نەگریسی ڕژێمی فاشیستی بەعسدا تێکەڵاوە، وێرای ئەوەی کە ئەم دەزگایە ئامرازی بەڕێوەبردنی سیاسەت و نەزم و نیزامی بەعسی بووە بەسەر سەری خەڵکەوە و گەورەترین تاوان و کارەساتی ڕووبەروو کردوونەتەوە، جگە لە شەڕی ئێران و عێراق، شەڕی کەنداو وشەڕی بەردەوامی ئەم سوپایە لەگەڵ خەڵکی کوردستان، ئەوە سوپای عێراق بووە کە تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجەو ئەنفال و ڕاگواستنی هەزاران خەڵکی گوندنشینی لە شوێنی خۆیان، بەڕێوەبردووە، وەتەنانەت لەدەساڵی ڕابردوودا ئەوە سوپای عیراق بوو کە سەرکوتی ڕاپەرینی خەڵکی لە شارەکانی بەغداو بەصرە و سلێمانی و هەولێر کردوەو بەکوشتاری خوێناویەوە ملیۆنەها ئینسانی ئاوارەی سنوورەکان کردو ئەرکی پاراستن و ڕاگرتنی حکومەتەکەی صدام حسینی بەجێهینا. ئەم سوپایە بەدرێژایی چەند ساڵی دوای ڕاپەرینی ئازاری 91 جگە لەوەی دەوری گێراوە لەشەڕی ناوخۆی حیزبەکاندا، بەردەوام سەرچاوەی نائارامی و تیرۆرو هەڕەشەکردن بووە لەخەڵکی کوردستان. شمشیری گێرانەوەی خۆیی ودام و دەزگای ڕژێمی فاشیستی بەعسی بەسەر

سەریانەوە ڕاگرتووە. . . بەڵام ئەوەی کە یەکێتی نیشتمانی ئەم ڕاستی‌یانەو ئەم مێژووە ڕەش و دژ بەخەڵکی‌یەی سوپای عێراق ئاوەژوو دەکاتەوە و ڕۆژی دامەزراندنەکەی بەپیڕۆزداهەڵدان و پەیام ناردن پیشوازی لیٚدەکات، هەڵوێستی ئەم حیزبە لەبەرامبەر سوپادا دەخاتە ڕوو کە خۆی لەچوارچێوەی هەمان ئەو سیاسەتەدایە کە ئەم حیزبە ماوەیەکە لەبەرامبەر ڕژێمی بەعسدا بەئاشکرا ڕایگەیاندووە. یەکێتی نیشتمانی کە درووشمی ڕووخانی ڕژێم بەڕاست نازانێ و ڕۆژانە و بەهەموو بۆنەیەکەوە سوێند بەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراقدا دەخواو بەڵێن دەدات بەدەوڵەتانی ناوچەکەو خودی ڕژێمی بەعس کە لەنەخشەی ڕووخانی ڕژێمدا هاوکاری ناکات، تەنانەت ئەوەی کە یەکێتی نیشتمانی خوازیاری ئاڵوگۆری دیموکراتی‌یە لە ڕژێمی ئێستای عێراقداو، بۆ چارەسەری کێشەی کورد" نیگای چاوەکان بۆلای بەغدا دەگێڕێ" سیاسەتی گەڕانەوەی ڕژێمی عێراقی بە سوپاکەیەوە بۆ کوردستان پەسەند کردووە. جا ئەم سیاسەتە ئەگەر لەڕێگای مفاوەزاتەوە بێت یان بەناوی فیدرالیزم و وەرگرتنی "مافە نەتەوەییەکانی کورد"ەوە بێت.

یەکێتی نیشتمانی کە لە ڕابردوودا بۆ وەلامدانەوە بە سیاسەتی هاوکاری کردنی ئەمریکاو وولاٚتانی دەروبەر، پەلەقاژەی بۆ گێرانی ئاژاوەنانەوە لەنێو سوپادا دەست بەکاربوو بۆ ڕاکێشانی ئەفسەران و دەرەجەدارانی سوپا، ئێستا تەنانەت خۆی بەلایەنگری کودەتای سەربازی نازانێو ئەفسەران وکاربەدەستانی سوپاش ئامۆژگاری دەکات بەوەی کە ڕیزەکانی خۆیان بپارێزن لەپیلانی دەرەکی و پشت لە نیشتمان و ئەرکە نیشتمانی‌یەکانی خۆیان نەکەن. . . ئەم هەڵویستەش دیسانەوە هەمان سیاسەتی گەڕانەوە و قبووڵکردنەوەی ڕژێمی بەعسە. . لەم بارەوە ئەوخاڵەش دێتەروو کە یەکێتی نیشتمانی مەبەستێتی لەڕیگای ئەم پەیام لێدان و پێداهەڵدانەی سوپاوە، سوپایەك کە تاوانبارانی وەکو عەلی حەسەن مەجید و وەفیق سامەرائی و نزار خەزرەجی‌و شەنشەلەکان تیایدا دەرەجەدارو هەمەکارەبوون، لەلایەك چرای سەوز بۆ ڕژێمی بەعس هەڵکاو بەنواندی دڵسۆزی خۆی بۆ سوپاکەی دلنیای بکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە زەمینەی زەینی لەنێو خەڵکی کوردستاندا ئامادە بکات بۆقبووڵکردنەوەی دەزگا سەرکوت گەرەکانی ڕژێمی‌بەعس لەسبەی ڕۆژی ڕێکەوتن و مفاوەزاتیدا. . .

بەڵام ئەم سیاسەت و هەڵوێستانەی یەکێتی نیشتمانی جگە لەوەی کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئومێدو ئارەزووەکانی خەڵکی عێراق و کوردستان بۆ ڕزگاری‌و ئازادی و ژیانێکی ئاسوودەدا ناکۆکی‌و دژایەتی توندی هەیە، بە ئاشکرا سەرەتای چنینی سیناریۆی گێرانەوەی خەڵکی کوردستان بۆ ژێر دەسەلاٚتی ڕژێمی بەعس و سوپاکەی لیدەکەویتەوە. خەڵکی کوردستان کە بەسەدان هەزار کەسی وەك قوربانی بەم ڕژێمەو سوپاکەی داوە، ناوەرۆکی ئینسانکوژی و فاشیستی ڕژێمی بەعس و دەزگا سەرکوت گەری‌یەکانی دەناسن. . . ئەوان بەپێچەوانەی سیاسەتەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئەحزابی دەسەلاٚتدارەوە، لەمێژە حوکمی مەرگ و تیابردنی سەرتاپای ئەم ڕژێمەو دام و دەزگاکانیان داوە. .